# دۆکتۆرێک لە ئاگر و جوێن

حەمەسەعید حەسەن

تۆ داوات لێ کردبووم، داوای لێ بوردنت لێ بکەم، منیش بۆم نووسیبوویت: (من لە یەک وشەی خۆم پاشگەز نیم، باجی گوتنی ڕاستی، هەر چییەک بێت، دەیدەم و برۆ کام قوتە سەختە بیگرە!) پێم سەیرە خۆت لەو وەڵامە ڕەوانەی من نەبان دەکەیت و دیسان هەمان قەوانی کۆن لێ دەدەیتەوە و دیسان ئەمنستیم بۆ دەردەکەیتەوە! جۆرج بوش پار ئەم وەختە ٤٨ سەعاتی بۆ سەددام دەستنیشان کردبوو کە تێیدا عێراق جێ بهێڵێت، کە دیکتاتۆر ملی کەچ نەکرد، شەڕ قەوما. ئەوە ئەو ٤٨ سەعاتەی تۆ بۆ منت دیاری کردبوو، بۆچی هەر تەواو نەبوو! بە ڕاست سەعات لە هەولێریش هەر شەست خولەک نییە!

تۆ کە نووسینی من بە جنێو دەقەبڵێنێت، بەوە سووکایەتی بە پدک دەکەیت، ئاخر ساڵانێکە، لە ڕاگەیاندنی پارتییەوە، بەرهەمی من بەردەوام بە ڕێزەوە، بڵاو دەکرێتەوە. ئایا ڕاگەیاندنی پارتی دەزگایەکە بۆ بڵاوکردنەوەی جنێو! تۆ سووکایەتیت بە هەموو بەرپرسانی ڕاگەیاندنی پدک کردووە، ئاخر ئەوان هەموویان لە ڕوانگەی تۆوە، (خەریکی چاندنی تۆوی دووبەرەکی و قووڵکرنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان حیزبە کوردستانییەکانن،) بۆیە نووسینەکانی من بڵاو دەکەنەوە. دەزانم کوێت ژان دەکات، لەمێژە خەو بەوەوە دەبینیت ببیتە بەرپرسی ڕاگەیاندنی پدک و نابیت، ببیتە وەزیری ڕۆشنبیری لە ئیدارەی هەولێر و نابیت.

بازرگانی بە خوێنی فەتاح ئاغاوە مەکە! ڕەوانی ئەو ئازار مەدە! تۆ شین بۆ خۆت دەگێڕیت نەک بۆ ئەو. من بێجگە لە قارەمانانی شەڕی نێوخۆ، ڕێزم بۆ هەموو قوربانییەکان، هەیە. کارتەکان تێکەڵ مەکە! کێشەیەک لە نێوان من و تۆدا هەیە، کەسانی دیکەی تێوە مەگلێنە! چونکە: (١) ئەوە شێوازێکی هەرزان و نزمە. (٢) لە گەلەکۆمەکی ناترسم و چی حیزب، خێڵ، ئاغا، گزیر، شێخ و دەروێشی کوردستان هەیە، لایەنی تۆ بگرن، نە سەنگەری خۆم چۆڵ دەکەم، نە لەنگەری خۆم تێک دەدەم.

پێم دەڵێیت: ( ئەگەر دان بە هەڵە و بوختانەکانتدا نەنێیت، دادگا بە هەڵاتوو لە یاسا و عەدالەت ناوزەدت دەکات.) تۆ چوو زانیت؟ چۆن هەر لە ئێستاوە، بڕیاری دادگات کە هێشتا نەدراوە، لەبەرە! بۆچی وەزیری دادت کڕیوە؟ بۆچی سەرۆکی دادگا کۆیلەی تۆیە؟ بۆچی دادگا ئامێرێکە بە دەست تۆوە؟ دەزانیت ئەوە گەورەترین سووکایەتییە، تۆ بە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێرت کردووە؟ کەسێک کە داوای تۆمار کرد، ئیدی دەبێت، بێدەنگ بێت و دەست نەخاتە کاروباری دادگاوە و چاوەڕێی حوکمی یاسا بێت. مادام دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێرت لە (جێب)دایە، تکایە پێیان بفەرموو، تاقە حەشرێک کە بتوانن پێمی بکەن، تەنیا ئەوەیە، چی موڵک و ماڵێکی مەنقوولە و نامەنقوولەم لە کوردستان هەیە، دەست بەسەر هەموویدا بگرن، وەلێ جێی داخە لە زێدی خۆم، نە بستێک زەوی شک دەبەم، نە کەرپووچێک.

تۆ پرسیارێکت لە من کردبوو، من ڕاست و ڕەوان وەڵامم دایتەوە، کەچی تۆ هێشتا وەڵامی هیچ پرسیارێکی منت نەداوەتەوە، بۆیە وا بە کورتی سێبارەیان دەکەمەوە و تکایە ئەگەر قسەت پێیە فەرامۆشیان مەکە:

(١) لەبەر چی کاژیک بە بەیاننامەیەک، لە ١٩٧٥/١/٢٥دا، لە ڕیزەکانی خۆی دەرکردیت؟

(٢) چۆن بە چاوپۆشین لە بەرزی تەمەنت و نزمیی نمرەت، سەروەختی دەسەڵاتی بەعس لە کۆلێژی ئاداب وەرگیرایت؟

(٣) چۆن هاوزەمان خوێندکاری زانکۆ و کارمەندی میری بوویت، لە کاتێکدا بە گوێرەی بڕیاری بەعس، (الجمع بين الوظيفه و التلمذه) قەدەغە بوو؟

(٤) بۆچی لە (هاوکاری)دا، گۆرانیت بە باڵای نووسەرە بەعسییە بەدناوەکاندا هەڵدەگوت؟(*)

(٥) ئەگەر دژی پۆشینی پۆشاکی سوپای میللی بوویت، بۆچی وەک هاوپۆلەکانت ساڵێکی خوێندنت نەفەوتا؟

من دەزانم تۆ بۆچی نەتتوانی دژی پۆشینی پۆشاکی سوپای میللی بیت. چونکە بۆ تۆ کە هاوزەمان کارمەندیش بوویت، مۆڵەتی خوێندن تەنیا چوار ساڵ بوو، دەبوو لەو چوار ساڵەدا خوێندنی زانکۆ تەواو بکەیت، بۆیە نەتدەتوانی ساڵێکت لە کیس بچێت، ئیدی ڕاوەڕێوی ناوێت. تکایە تێکەڵی مەکە، پڕکردنەوەی فۆرمی بوون بە جەنگاوەر لە سوپای میللیدا شتێکە و دابەشکردنی پۆشاکی سوپای میللی بەسەر خوێندکارانی زانکۆدا، شتێکی دیکەیە.

تۆ بێ ئەوەی بە خۆت بزانیت هێشتا داکۆکی لە بەعس دەکەیت. ئەوە نییە دەڵێیت، نووسیومە: ( لا ارغب ولا ادافع عن وطني بوعي واصرار و اتحمل كافه التبعيات القانونيه لقراري هذا؟) ) جا توو خوا بەعس ئەوەی لە تۆ قبووڵ کردبێت، حیزبێکی فاشست بووە یان دیموکرات! من بەش بە حاڵی خۆم، ئەو ڕۆژەی نووسیم، (لا ئەرغەب،) بۆ شەوێ تووشی (لا ئەنام) بووم.

ئەگەر تۆ هێندە شۆڕشگێڕ بوویت، ئەدی بۆچی ناوت لە لیستی ئەو نووسەر و هونەرمەندانەدا نەبوو، کە ئاسایشی سلێمانی پێش ڕاپەڕین لە ١٩٩١/٣/٤ دا، ویستی بیانگرێت و وەک قەڵغان بۆ پاراستنی گیانی ڕیفاق، بە کاریان بهێنێت؟ بۆچی ئەو لیستە ناوی: ع. ح. ب، جەلال مەحموود عەلی، زاهیر ئەحمەد سەوز، ڕەئووف حەسەن، ڕەئووف بێگەرد، ڕەئووف عوسمان، حەسیب قەرەداغی، محەمەد فەریق حەسەن، عەبدوڵڵا میدیا، شێرزاد حەسەن، عەبدولقادر سەعید، عومەر مارف بەرزنجی، فوئاد قەرەداغی، جەمال محەمەد ئیسماعیل، فوئاد مەجید میسری، حیکمەت هیندی، ئەحمەد سالار، سەلاح ڕەئووف، خالید سەرکار، کەریم کابان، عوسمان عەلی، عیززەت کەریم، تەها خەلیل، دانا عەلی و عەلی توانای تێدا بوو، کەچی ناوی تۆی تێدا نەبوو؟

تۆ بە درێژایی ساڵانی ١٩٧٥ ـ ١٩٩١ توند دەستت بە کڵاوی بەرژەوەندییەکانی خۆتەوە گرتبوو، پێوەندیت بە هیچ حیزبێکی کوردستانییەوە نەبوو، کە دوای ڕاپەڕین، پاسۆک لە سلێمانی بارەگای کردەوە و تۆ بۆ پیرۆزبایی سەردانی بارەگاکەیت کرد، ئەوە یەکەمین پێوەندیکردنی تۆ بوو بە پاسۆکەوە. کە لە کۆنگرەی پاسۆکدا خۆت بۆ سەرکردایەتی پاڵاوت، پێیان گوتیت، ئەوی لای کەم دوو ساڵ پێش ڕاپەڕین، پاسۆک نەبووبێت، مافی خۆ بۆ سەرکردایەتی کاندیدکردنی نییە. تۆ چونکە دوای ڕاپەڕین پێوەندیت کردبوو، بۆیە ساڵانی نێو (کاژیک)یان بۆ حسێب کردیت. لەو کۆنگرەیدا مقۆمقۆی ئەوەش هەبوو، کە هەندێک لە هاوبیران وێنەی تۆیان بە پۆشاکی سوپای میللییەوە دیتوە، هەر بۆیە پێش ڕاپەڕین زاتیان نەکردووە، ئەدەبیاتی خۆیان نیشانی تۆ بدەن. تۆ بە جۆرە بەرتیلێک بە سەرکردایەتی پاسۆک شاد بوویت، ئەگەر بیدرکێنم، هەستی نزیکترین کەسانت، سەخت و قووڵ بریندار دەبێت. تۆ سەروەختی شەڕی ساردی نێوخۆ، بە گالیسکەی پاسۆک گەیشتییە سەرکردایەتی پدک، نەک بە هەقی خۆت.

چونکە دۆکتۆراکەشت کە لە شەڕەجنێوی نێوان شێخ ڕەزا و شوکری فەزڵیدا کردووتە، بە هەقی خۆت وەرنەگرتووە، کوردییەکەت هێندە لاوازە، هەڵەی وا دەکەیت، ئەوی کوێرەخەتێکی هەبێت، نایکات. بۆ نموونە:

* هەر وشەیەک بە (و) دەست پێ بکات، هەمیشە بە یەک (و) دەنووسرێت. ئیدی مەنووسە: وولات،

بنووسە: وڵات. مەنووسە: ووتم، بنووسە: وتم.
* (ر) و (ڕ) دوو دەنگن، نەک یەک، بۆیە (ڕ) لە سەرەتای وشەشدا، هەر بە (ڕ) دەنووسرێت.
* مەنووسە نووسینەکانت بڵاو ئەبێتەوە، بنووسە: بڵاو ئەبنەوە. هەست بە جیاوازیی نێوان تاک و کۆ بکە! ئێستاش ساغت نەکردووەتەوە، یەک بوختانم بۆ هەڵبەستوویت، یان کۆمەڵێک؟ ساغت نەکردووەتەوە، داوای بەخشین تەنیا لە تۆ بکەم، یان لە تۆ و لە سەرۆکی پارتی و لە پارتیش؟ ئەدی چونکە قۆناغەکە ناسکە، بۆ یەکجاری داوای بەخشین لە یەکێتیش کە هاوپەرلەمانی پارتییە، نەکەم؟
چونکە شەربە هەر ئەو شتەی لێ دێتەوە دەرەوە کە تێیدایە، بۆیە لە زاری تۆوە، هەر جنێو دێتە دەرەوە، بۆ نموونە پێت گوتووم: (جنێوفرۆش، دەمپیس، کەچڕەفتار، بێ ویژدان، بوختانچی، نەفرەتلێکراو، نیازپیس، ناوزڕاو، ڕسوا و زۆر جنێوی دیکەش.) دەزانم ئەو خووەت بە شیری گرتووە و تازە بە پیری بۆت تەرک ناکرێت، بۆیە داوای مەحاڵت لێ ناکەم، ناڵێم دەستبەرداری جنێودان ببە، دەڵێم تکایە دەست بە جنێودانەوە بگرە! هەندێکیان بۆ تەنگانەکانی داهاتووت هەڵبگرە!
ئەگەر چی تۆ نە وەک من بەعس تێی هەڵداویت، نە وەک من بەعس ڕاوی ناویت، نە وەک من بە چیاوە پەیوەست بوویت، نە وەک من تاڵاوی غەریبیت نۆشیوە، کەچی هێشتا تۆ گومان لە کوردبوونی من دەکەیت! دوو پرسیاری تریشت لێ دەکەم، ئەوە بۆچی (ئاگرین)ت کردووە بە پاشناوی خۆت؟ هیچ گوللەی گردارت بە داگیرکارانەوە ناوە؟ وەک سێ مانگ و بیست ڕۆژ بێدەنگیت لە نووسینەکەم کردبوو، هەر بێدەنگیت لێ کردبا، باشتر نەبوو؟ هەموو هێلکەکان لەم سەبەتەیەدا نین، چونکە جنێوت پێ داوم و بوختانت بۆ هەڵبەستووم و بە هۆی تۆوە دادگا ناتۆرەی (تۆمەتبار)ی دوا خستووم، لەوانەیە زەنبیلە هێلکەی دیکەشت پێ بگات. تۆ نە زارت پاکە، نە دەستت، ئاخر وێڕای ئەوەی جنێو دەدەیت، دزیش دەکەیت. ئەوە نەبوو ئەو کاسێتەت لە ئازا حەسیب قەرەداغی دزی، کە لێکۆڵینەوەیەکی ئەوی دەربارەی مەحوی، تێدا تۆمار کرابوو!(**)
دەزانم بۆچی تازە گڕت گرتووە، دوای کارەساتەکەی یەکی فێبریوەری، کە پەک پۆلێک سەرکردەی لە دەست دا، بە هیوا بوویت، بە جێی یەکێکیان شاد ببێت، نەک هەر ئەو ئومێدەت نەهاتە دی، بەڵکوو ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆشت بوون، هەموویانت لێ سەندرانەوە، ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوەی، پارتی لە من چاکتر ئاگاداری ڕابردووی تۆیە و خەریکی پاکسازییە لە ڕیزەکانیدا.
دیسانەوە دەڵێم: چیت لە دەست دێت بیکە، بەڵام وەڵامی پرسیارەکانم فەرامۆش مەکە!

2004. 03. 19

* بڕوانە:
(١) هاوکاری، ژ: ٦٧٥ی ڕۆژی ١٩٨٢/٣/١٧
(٢) هاوکاری ژ: ٦٠٤ی ڕۆژی ١٩٨١/٩/١٧
** ناوەڕاستی ساڵانی هەشتا، ئازا حەسیب قەرەداغی ئەو دزییەی لە (هاوکاری)دا، خستە ڕوو.

WWW.KURDISTANNET.ORG